




# به ئێکسسواری ڕەشەوه تۆ شازی

دەگوترێ ڕەش شـــای ڕەنگانە، واتە لەســـەرووی جوانی هەموو ڕەنگەکانی دیکەیە، ڕەش بەهایەکی جوان و پایەبەرزی هەیە، لەگەڵ هەموو ڕەنگێکی دیکەدا دەگونجێ. جوانیی ئەو ڕەنگە لەوەدایە هەموو ڕەنگەکانی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە هەروەها ڕەنگێکی مات و هێمن و سەنگینە، جا چ ڕەنگی جل و بەرگ بێ یان ڕەنگی ئێکسســـوار، بەهای جوانی خۆی دەنوێنێ. پســـپۆڕانی دروست کردنی ئێکسسوار، پێیان باشە ڕەنگی ڕەش لە زۆربەی زۆری پێکهاتەی ئێکسسواردا هەبێ، ئەوەش هەموو جۆرە ئێکسسوارێك دەگرێتەوە، بگرە لە : ملوانکە، بازن، ئەڵقە، ئەنگوستیلە، گوارە، تەوقە. ئەوەی لەم وێنانەدا دەیبینن کۆمەڵێك ئێکســـــواری ڕەش ڕەنگە، دیمەنێکی ناســـك و سەرنج ڕاکێشیان هەیە. بێجگە لەوەش کاتێك دەتەوێ جلێك لەبەری بکەی، لە هەر شـــێواز و ڕەنگێك بێ، بەڵام دواتریش پێویســـتت بە ئێکسسوارە تا لەگەڵ ئەو جلە بگونجێ، لێرەدا ڕەنگە تووشـــی گرفت ببیت ئاخۆ چ جۆرە ڕەنگێك هەڵدەبژێری بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو جلە گونجاو بێ، بەڵام کاتێك ئێکســـــوارێکی ڕەشت هێنا، ئەوا گرفتەکەت چارەســـەر دەکات، چونکە ئێکســـــواری ڕەش لەگەڵ ڕەنگی هەموو جلێك دەگونجێ، وا چاکە ئێکســـــوار لە ڕەشـــێکی سادە بێ یان لەگەڵ ڕەنگێکی دیکەی تۆخ دروســـت کرابێ، وەك شـــینی تۆخ، لێرەدا لە پێناو ئەوەی شـــاز پۆش بیت، پاساوت بە دەستەوەیە کە پەنا بۆ ئێکسسواری ڕەش ببەیت.

## قاپ و قاچاغی سەرنج ڕاکێش

دەســـت ڕەنگینـــی و لێهاتوویـــی تۆی خانم لـــە ڕێکی و جوانـــی کەرەســـتەی ماڵەکەتدا بەدی دەکـــرێ. هەندێك جار ســـەردانی ماڵێك دەکەی، دەبینی قاپ و قاچاغ و پێداویستی چێشتخانەیان زۆر بە ڕێکی و جوانی داناوە، کابانی ماڵ، زۆر جـــار لە هەڵبژاردنی قاپ و قاچاغ و دانانیان لە نێو کاوەنتەر، جۆرە ســـەلیقەیەکی جوان ناســـی تێدایە. ئەگەر خانمی ماڵ خـــاوەن ســـەلیقە و زەوقێکی بەرز بێ ئیـــدی دەبینین قاپ و مەنجـــەڵ و کەوچك و تاخمە بـــەرداخ و پیاڵە و کوپی جوان هەڵدەبژێـــرێ و ناندێنی ماڵی پـــێ دەڕازێنێتەوە،جگە لەوەی ئەو کەرەســـتانە بۆ ژیانی ڕۆژانەی هەر خێزانێك ســـێ ژەمە پێویســـتە، ڕەنگە هەندێك جاریش پرســـیارت لێ بکرێ ئاخۆ چۆن ئـــەو دیکۆرە جوانەت ڕازاندۆتـــەوە. گرنگترین لایەن لە جوانی دیکۆری ماڵدا، پاك ڕاگرتن و دانانی کەلوپەل و کەرەستەی ماڵە لە شوێنی گونجاو، ئەگەر قاپ و قاچاغ و پیاڵە چای وەك نموونە وەربگرین، کە ڕەنگدانەوەی جوانی دیکۆری چێشتە. لەو کاتەی دەچیتە ژووری ناندێنی هەر ماڵێك، لە دوورەوە دڵگیرت بۆ ئەو ژوورە دەچێ کە پاك و بە جوانی دانراوە، ئەگەر خانمی ماڵ، بێ زەوق و ســـەلیقە بـــێ ئەوە هەر لە ناندێنەکەی ڕا دیارە چونکە لە هەڵبژاردنی قاپ و قاچاغ و دانان و دابەش کردنی بێ سەلیقەیی بەدی دەکرێ. ئیدی خانمانی ماڵ پیشـــانی بدەن ئێوە کە هەمیشە خاوەن سەلیقەیەکی بەرزن، سوود لە شێوە و ڕەنگ و نەخشی قاپ و پەرداخ و سینی و کەرەستەی دیکەی ناندێن وەربگرن، با هەمیشـــە پاك بن بە سەلیقەیەکی جوانیشەوە لە گۆشە و شـــوێنانی ناندێنی ماڵدا دایان بنێن و دابەشـــیان بکەن. بە تایبەتیش کاتێك لە سەر خواندا دەبن گرنگە قاپ و قاچاغت پاك و جوان و ڕەنگاوڕەنگ بن.




# پەمبە شارەنگی ماکیاژی بەهارە

جیاوازی نێوان ماکیاژ لە مۆد و شێوە و ڕەنگدایە، هەر جۆرە ماکیاژێك ئامادەکاری پێشوەختەی پێویستە. بەهۆی ئەوەی بەر لە دەست پێکردن ماکیاژی روخسار، دوو لایەنی سەرەکی هەن، یەکەمیان دەبێ سەرەتا نەخشی ماکیاژەکە دیاری بکەین، واتە چ جۆرە ماکیاژێك بەکاردەهێنێ، یان ئایا ئەو ماکیاژە شیاوە لەگەڵ وەرزی ئێستا، وا چاکترە خانمان بزانن شیاوترین ماکیاژ بۆ رووخساریان چییە و دیاری بکەن. دووەم لایەنیش دەست نیشان کردنی ڕەنگە، ئەو ڕەنگەی کە ڕەنگی ئەساسی ماکیاژەکەیە. ئێستا لە سەرەتای وەرزی بەهار داین، ئەو وەرزەی بە چەندین ڕەنگی جۆراوجۆر دەکەوێتە بەر دڵان، وەرزێکی ناسکە و ڕەنگاڵەیە، هەر ڕەنگێك لەم وەرزەدا بە بایەخ دەبێ، بە تایبەت ڕەنگی کراوە وەك: پەمەیی، سوور، سەوز، زەرد، پرتەقاڵی، شین. خانمانیش دەتوانن هەر یەکێك لەو ڕەنگانە لە ماکیاژی رووخساریان بدەن، بە تایبەت ئەگەر بمانەوێ ماکیاژێکی کراوە و سەرنج ڕاکێش بە دەم و چاومانەوە دیار بێ، دەشکرێ ڕەنگی پەمبە وەك ڕەنگی سەرەکی ماکیاژی رووخسار هەڵبژێرین. کە دەڵێن پەمەیی ڕەنگی سەرەکی بێت، واتە شێوەی تەواوی ماکیاژەکە پەمەیی پێوە دیار بێ. بە دانانی بڕێکی زۆر لە ڕەنگی پەمەیی لە رووخسار، بەمەش ماکیاژێکی تۆخی ڕەنگ پەمەییمان بۆ دەردەچێ، یان ئەگەر بە کەمی ئەو ڕەنگە بەکار بهێنین، ماکیاژێکی سادە و سەرنج ڕاکێش بۆ رووخسارت بەدی دەهێنیت، هەر بۆیەش پسپۆران دەڵێن: ڕەنگی ماکیاژی ئەو بەهارە، پەمەیی دەبێ.





# با ژووری منداڵەکەت ڕازاوە بێت



هەوڵی بەردەوامت لە پێناو وەدەست هێنانی نایابترین دیمەنی جوان لە ماڵەکەتدا، جێگای شانازی و دەست ڕەنگینی تۆی خانمە. هەر هەست و بیرۆکەیەك لە جوان کردنی ماڵەکەت، ڕەنگدانەوەی لێهاتوویی تۆ دەبێت. تەنانەت هەر بەشێکی ماڵ، گرنگی ئەوتۆی هەیە لە گەیشتن بە ڕازاندنەوەی هەر کەلەن و قوژبنێکی دیکۆری ماڵەکەت. لە زۆربەی ماڵاندا ژووری تایبەت بە چاوگەشان هەیە، یان بەشێك لە بینای ماڵ بۆ منداڵان تەرخان کراوە، جگە لەوەی شوێنێکە بۆ پشوودان و حەسانەوەی منداڵەکان، هەروەها دەبێ نموونەیەکی جوان بێ لە رووی سەرنج ڕاکێشی و جوانی دیکۆری ماڵدا. ژووری منداڵان چەند تایبەمەندی و خەسڵەتێکی دیاری کراوی هەیە، لەوانە : هەبوونی بووکۆڵە و کەرەستەی جوان کە گوزارشت لە هەستی منداڵانە بکات، وا چاکە ژووری منداڵ یەك ڕەنگ بێ، ئەو ڕەنگەش لەگەڵ حەزی ئەوان دا بگونجێ وەك: ڕەنگی پەمەیی و وەنەوشەیی بۆ ژووری کچان، هەروەها ڕەنگی شین و خاکییەکی کاڵ بۆ کوڕان. هەندێك جاریش منداڵی کچ و کوڕ پێکەوە لە ژوورێك دەبن ئەوەش تا تەمەنێکی دیاری کراو، ئەگەر واش بوو، هەوڵبدە کەرەستە و شتی هەر یەکەیان جیاواز بێ لەگەڵ ئەوەی دیکە، گرنگترین لایەن لە ژووری منداڵاندا، پاك ڕاگرتن و خاوێنی ژوورەکەیە.

# کڵاوی شای ئاخیر زەمان

هەندێ جار، ئەوانەی لە پۆستی گەورە و باڵا دان، لەهەمان کاتیشدا کەسایەتییەکی سادە و ساکاریان هەیە، بەڵگەشمان بۆ ئەو قسەیە سەرۆك وەزیرانی هۆڵەندا و بەریتانیایە، ئەوەی یەکەم زۆربەی جار بە پایسکلەکەی دەچێتە سەر کارەکەی، ئەوەی دووەمیش بە شەمەندەفەر هاتوچۆ دەکات، جگە لەو دووانەش، شای وڵاتی سوید (کارل گوستاڤ)ە کە بە ئەکتەرێکی کۆمێدی ناسراوە، ئەو شا کۆمێدییە، خولیا و حەزی بە کڵاوە.بێجگە لەوەش هەرچی کڵاوی شێوە سەیر و سەمەرەیە لە سەری ئەو پیاوە دەبینرێ. لەلای شای سویدەوە ئاساییە ئەگەر لە شوێنێکی فەرمی بێ، یان میوانی بیانی و فەرمیشیی هەبێ، کڵاوە سەیر و سەرنج راکێشەکانی خۆی لە سەر دەنێت. ئەوەتا لەم وێنانەدا چەندین جۆرە کڵاوی جۆراوجۆر و سەمەرە بە سەر سەری شای ئاخیر زەمانەوەیە.



# کچێک هەر دەڵێی بووکە شووشەیە

هەموو کچێك جوانە، هەر یەکە جوانیەکی خۆی هەیە، کە جار جار بە هەندێك کچ دەگوترێ دەڵێی بووکە شووشەیە، مەبەست لەو قسەیە ئەو کچە هێندە جوانە هەر دەڵێی بووکە شووشەیە. ئەم کچە ئۆکرانییەی لەم وێنەیەدا دەبینین ئەگەر راوەستێ وهیچ جووڵەیەك نەکات، هەموومان پێمان وا دەبێ کچ نییە بەڵکو بووکە شووشەیە. (ڤالیریا لۆکیانۆڤا)، نمایشکاری جل و بەرگە، تەمەنی (٢٣) ساڵە، سەر و سیمای هەر لە پلاستیك دەچێ، ئەگەر زۆر لێی ورد نەبیتەوە، هەست ناکەی کە ئەمە ئادەمیزادە، بەڵکو وادەزانی لە پلاستیك دروست کراوە. سەرباری ئەوەی شێوەی لە بووکوڵەیەك دەچێ. ڤالیریا چەندین نەشتەرگەری جوانکاری کردووە تا بە یەکجاری ناوی بنێن بووکە شووشە. ماوە ماوە ڤالیریا، لە شوێنی گشتیدا نووزەی لە خۆی دەبڕێ، ئەوانەی بە تەنیشتیدا تێدەپەڕن لێیان تێکدەچێ و لایان وایە کە بە تەك بووکە شووشەیەکدا گوزەریان کردووە نەك مرۆڤێك. لە پڕ جووڵەیەك دەکات و ئەوانەی دەوروبەری بە پێکەنین دەهێنێت و سەریان سوڕ دەمێنێت.



# وێنەکێشان بە دوورینی پێستی مرۆڤ



رەنگە لە داهاتوودا ببێتە سەیرترین کاری هونەری وێنەکێشان، ئەو هونەرە تازەیە و لەلایەن هاووڵاتییەکی ئیسپانی بە ناوی (دیڤید کاتا) هاتۆتە کایەوە، ئەو هونەرە لە سەر پێستی مرۆڤ بەرجەستە دەبێ، واتە نیگار کێش لە بری ئەوەی لە سەر کاغەز و کانفاس وێنە بکێشێ ، پێستی مرۆڤ دەکاتە زەمینە بۆ کێشانی نیگار یان وێنە، بەڵام لە رێی بەکارهێنانی دەرزی و داوەوە کە جەستەی مرۆڤ دەنەخشێ و دەیکاتە تابلۆ. لە سەرەتاشدا هونەرمەندی ئیسپانی (دیڤید) لەناو لەپی دەست پەرەی بەو هونەرە تازەیە داوە. ئەو پێست درووە تازەیە، ئەو بیرۆکەیەی بە خەیاڵدا هاتووە، لەوانەشە ئەو دوورینی پێستە، جێ تاتۆ بگرێتەوە. ئەگەر چی ئازار و ژانی هەیە بۆ سەر جەستەی کەسەکە، بەڵام وەك ژانی تاتۆ کردن نییە، بەڵکو سووکترە. لەو وێنانەی دەیدرووێنی لەسەر پێستدا، زیاتر وێنەی کەسایەتی جیهانی، یان وێنەی کەسی خاوەن جەستەکەیە، واتە ئەگەر کەسێك بیەوێ وێنەی خۆی لەناو لەپی دەستی هەبێ، دەتوانێ سەردانێکی ئەو پێست دروە بکات، دوای چێژتنی هەندێك ئازار و ژان، وێنەیەکی جوانی بۆ دەدروێت!




# گرانترین چاویلکە و کاتژمێر لە کوردستان

کوردستان وەك وڵاتانی جیهان، بەرەو پێشوەچوونی بەرچاوی لە زۆربەی بواردا بەخۆوە بینیوە بە تایبەت لە بازاڕگەری و هێنانی شت و مەك. تەنانەت ئەو کەرەستە و شت و مەکەی لە بازاڕە بە ناوبانگەکانی جیهاندا هەن، هەمان ئەو کاڵایانەش لێرەدا دەست دەکەون، وەك ئەو کاڵایانەی ئۆرجیناڵ و مارکەن. کە نرخیان بەرز و هەندێك جاریش خەیاڵییە. ماوەیەك لەمەوبەر باسی کاتژمێرێکی ئەڵماسمان کرد لە کوردستاندا بوو کە بە (٧٠) هەزار دۆلار فرۆشرا، ئەوجارەیان دێینە سەر گرانترین کاتژمێر و چاویلکە کە ئێستا لە بازاڕی کوردستاندا هەن. ئەو کاتژمێرە سویسرییە، نرخی (٤٥) هەزار دۆلارە، گرانی ئەو کاتژمێرە لەوەدایە کە لە (١٨) قیراتی زێڕ دروست کراوە، جگە لەوەش دیوی دەرەوەی لە مادەی کاربۆن و تایتانیۆمە، هەبوونی ئەو دوو مادەیە بۆ پتەو کردنی ئامێرەکەیە، سیفەتێکی دیکەی ئەو کاتژمێرە بە دەست دروست کراوە، واتە بەبێ بەکارهێنانی ئامێر، لە ناوەوەشی نزیکەی (٤٨) گەوهەری گرانبەهای تێدایە. ئەو جۆرە کاتژمێرە بۆ پیاوان و ئافرەتانیشە. لە دووکانێکی چاویلکە فرۆشیشدا، گرانترین چاویلکەمان بەرچاو کەوت، کە مارکەیەکی فەڕەنسییە، نرخی (٢١٥٠) دۆلارە، ئەوەی جێگەی سەیرە، هاوێنەی ئەو چاویلکەیە ناشکێ و (٥) ساڵیش گەرەنتی لەگەڵە، وەکو کاتژمێرەکەی پێشوو بە دەست دروست دەکرێ، جووتە دەسکی چاویلکەکەش کە دەچێتە سەر گوێچکە لە دارە گوڵێکی بە نرخ و گرانبەها دروست کراوە. خەسڵەتێکی دیکەی ئەو چاویلکەیە ئەوەیە کە کاریگەری تیشك و فول لایتی ئۆتۆمبێل بۆ سەر چاو کەم دەکاتەوە، هەروەها ئەگەر بەر زەویش بکەوێت، قایمە و ناشکێت.





# گوڵاڵ

## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

زمان بەڵای سەرە، ئاگاداری زمانت بە ئەگینا تووشی گرفتێك دەبیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت، پێویستە کەمێك نەرم و نیان بیت لەگەڵی چونکە زۆر پێویستی بەتۆیە.

## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لەبواری کارەکەتدا ماوەیەکی گران و بەزەحمەتت لەپێشە و چەند بەرپرسیاریەتێکی نوێت پێ دەسپێرن، ئەمەش کەمێك خەمت زیاد دەکات، بەڵام دوو دڵ مەبە، چونکە تۆ کەسێکی بەتوانای و سەردەکەویت.

## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

برادەری خراپ وەك خەڵوز وایە نەشت سوتێنی ڕەشت دەکات، بۆیە لەهۆکارەکانی ناوزڕاندنی خۆت مەپرسە، بەڵکو بەزووترین کات خۆت لەهاوڕێ خراپەکانت بەدوور بگرە، لایەنی سۆزداریشت بەرەو پێشت دەچێت.

## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ماوەیەکی باشەو هەست بەخۆشی وگەشبینی دەکەیت، لەلایەنی کارەوە هەست بەئاسوودەیی دەکەیت، بەتایبەتی دوای ئەوەی باری سۆزداریت گەڕایەوە دۆخی پێشوو.

## شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لەم ڕۆژانە بیری رابردووت دەکەیتەوە، بەهۆی ئەوەش دەست دەکەیت بە گۆڕانکاری لە هەڵوێستەکانت کە لەوانەیە ئاوات و ئامانجی ژیانیشت بگرێتەوە.

## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لەو بڕیارەی داوتە پەشیمان مەبەو خۆڕاگر بە، لەبواری سۆزدارییەوە ئەو خۆشەویستیە مەزنەی کە چاوەڕێی دەکەی کەمێك دوا دەکەوێ، بەڵام ئومێد بڕ مەبە.

## تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

بۆچی پەیوەندیەکانت بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵدەبژێری؟ وادەزانی هەرشتێك ببریسکێتەوە زێڕە! جوان سەرنج بدەو بیربکەوە لەراستی تێدەگەیت و دەزانی کە تۆ سەرچیخ ڕۆیشتوویت.

## دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لەپەیوەندیە گشتیەکانت، توانات بۆ دەوروبەرت روون دەبێتەوە، چاوپێکەوتنێك ئومێدت بۆ دەگەڕێنێتەوە و یارمەتیدەرت دەبێ بۆ بڕیاردانت لەپڕۆژەیەکی بایەخدار.

## کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لەبواری کاردا باش و بەسودیشە پاشەڕۆژی خۆت دابین بکەیت، بەڵام نەکەی ئێستات لەبیر بکەی با ژیانیش تۆ لەبیر نەکات، لەبواری سۆزدارییەوە ئەوەی لەناو دڵت نووسراوە لەخۆشی و شادیت بەدی دەکرێ.

## گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

لەوانەیە پەیوەندی بەکەسێك بکەیتەوە، کە ماوەیەکە لێت دابڕاوە کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی باوەڕت بەدوارۆژت پتەوتر بێت، کەمتەرخەم مەبە بەرانبەر خۆشەویستەکەت چونکە سۆزی زۆرت پێ دەبەخشێت.

## گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بەهۆی بڕوا بەخۆبوونت، هەنگاوەکانت بەرەو سەرکەوتن دەڕۆن، بەڵام پێویستە کەمێك چاوکراوە بیت و ئاگاداری ڕووداوەکانی دەوروبەرت بیت، نێوانی تۆو شادی چەند هەنگاوێکی کەمی ماوە.

## نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەم مانگە خۆشترین مانگی ئەم ساڵتە، چونکە ئاستی پاشەڕۆژی کارت بەرەو باشتر دەچێت، هەروەها لەبواری ئەڤینداریيەوە پەیوەندیت لەگەڵ دۆستەکەت لەباشترین ئاست دایە.



## نوکتە

■ شـــوانێك بە هەر چۆنێك بێ،کچێـــك رازی دەکات تا ببێتە خۆشەویســـتی! ڕۆژێکیان کچەکە بە شوانەکە دەڵێ: چ ئیشـــێك دەکەی؟ ئەویش خۆی ناشـــکێنێتەوە و دەڵێ: پیشانگای مەڕ و بزنم هەیە!

■ جارێك کوڕێك داوای خۆشەویستی لە کچێك دەکات، کچەکـــەش حەز ناکات و پێی دەڵێ : ناتوانم! کوڕەکەش لە خۆەوە دەڵێ: خۆ فەردە ئاردت پێ هەڵناگرم هەتا نەتوانی!



## کاریکاتێر

لەم وێنەیەدا، مێروولەیەك دەیەوێ بچێتە ماڵەکەی، یارمەتی بدە و ڕێگەی نیشان بدە.

## مانای خەون

**هەور :** بینینی هەور لــە خــەودا مانای گەشــت و ســەفەرە. واتە ئەگەر لە خەودا هەورێکی زۆرت بینی، بزانە کە گەشتێکی دوور دەکەی، ئەگەر هەورەکەش کەم بوو، سەفەرێکی کــورت دەکــەی و دەگەڕێتەوە، ئەگەر لە خەودا بینیت تۆ لەسەر هەوری، ئــەوە کارێکی چاکت دێتە پێــش، ئەگەر نەخۆش بی، چــاك دەبیەوە. یــان ئەگەر لە خەودا لەســەر هەور دەڕۆیشتی، ئەوە پرۆسەی هاوسەری دەکەی، ئەگەر هاوســەرداریش بی، ئەوە مژدەی منداڵت پێ دەبەخشێ.

## زاخــاوی مێشک



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، بەسوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (بێچووی بزن)
- پیتی خانەکانی (٤+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (کەرەستەیەکی سرووشتیە- دەسووتێت بە ئاگر)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٥) کۆبکەیتەوە بە مانای (جۆرە ستایلێکی قژی کچانەیە)
- پیتی خانەکانی (٥+٤)کۆ بکەیتەوە بە مانای (دەست بە زمانی عەرەبی)

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (**ڤینۆس**) بوو

## تابلۆ



یەکێکە لە تابلۆ نایابەکانی هونەرمەندی ئیسپانی (مەرییا فۆرتیونی) لە ســاڵی (١٨٣٨) لە شــاری ریۆســی ئەو وڵاتە لە دایك بووە، بە وێنەکێشــی رۆمانتیکی ناسرابوو، بە وێنەکێشــانی وێنەی دەربڕ لە بابەتی ئۆرینتالیزم، جێنری مێژوویی و سەربازی کۆلۆنیالی ئیسپانی بە ناوبانگ بوو، ئەو وێنەیە باســی لایەنی باشــە و خراپەی مرۆڤ دەکات، کە ئەوانەی باشــن رەنگی ســپییان پۆشیوە و بە پێچەوانەش رەنگی رەش بۆ مرۆڤە ستەمکار و خراپەکانە.



## وتــەی نــاوداران

**--تۆماس ترانســتروم، بۆ گەیشتن بە مەعشوق گوتویەتــی :** عاشــقە راستەقینەکان دوو جۆرن: جۆرێکیــان هەرگیــز بە خۆشەویستەکەیان ناگەن، جــۆرەی تریشــیان هەتا هەتایە پێی ناگەن !

## دوو سەیرترین قژی کچانە

چەندین شــێوازی جۆراوجۆر بۆ قژی کچان هەن، بەڵام هەندێکیان جێگەی سەیری دەنوێنن.

بەهۆی ئەو شــێوەی کە بۆ تەســریحەی قژەکە دەکرێ، وەك ئــەوەی لەم دوو وێنەیەدا دەیبینــن، یەکێکیان قژێکە وەك ئەوەی لە دواوە دوو دەســت بە سەر سەری ئەو کچەوە بێ، ئەوەی دووەمیش جگــە لەوەی دوو رەنگەیە، تەنانەت بــەر چاوی ئەو خانمەی گرتووە، ئاخۆ چۆن دەتوانێ پێش خۆی ببینێت.

